www.kurdistannet.org
28-4-2006 11:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بۆ تاڤگە سابیر کە شەرەف لە ناو لاقیدا نابینیتەوە.. نووسینی هەندرێن مەحەمەد غەریب**

ئەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە تەنها شەرەف و ئەخلاقە. شەرەف و ئەخلاقیش نیشانەی سەربەرزی هەر کەسێکە بەتایبەتی لە کۆمەلگای کورد. مرۆڤی بێ شەرەف لە ناو هەموو میللەتێک یان شوێنی زیندانە یان زبڵدان.. من لە شاری ئوپسالا دەژیم و تاڤگە سابیر باش دەناسم بۆیە پێی دەڵێم ئەی شەرەف لەکێ دەبینیتەوە..

مرۆڤ ئەگەر تەماشای مێژووی مرۆڤایەتی بکات بۆی ڕوون دەبێتەوە کە هەمیشە شەرەف وپاراستنی ناو لاق ئەرکێکی ئەخلاقی بووە. ئەگەر تەماشای کۆمەلگای سوێدی بکەیت کە هەردووکمان باشیان دەناسین، دەبینین تەنها سی چڵ سالێکە ئازادی سێکسیان هەیە، ئەوەش تەنها لە ڕووی یاساییەوە دەنا ڕۆژانە ئەگەر چاو بە ڕۆژنامەی ئەفتۆن بلادێتو داگس نیهێتەر و و یۆتۆبۆری پۆستو ئوپسالا بکەیت دەبینیت کە ڕۆژانە ژنێک یان زیاتر دەکوژرێ بەدەستی پیاوەکانیان کە هەر هەمووشیان سوێدین بەلام مێدیاکانی سوێد کارەکە گەورە ناکەن.. کە کارەساتی فاتیمە شاهیندالیش گەورە کرا چونکە فاتیمە پەیوەندی سێکسی لەگەل کوڕێکی سوێدی هەبوو بۆیە وا گەورەیان کرد.. تاڤگە خان خۆی دەزانێ کە سوێدیەکان بە چ چاوێک تەماشای ئینڤاندرەرێ (پەنابەر) دەکەن..

ئەگەر تەماشای گیانەوەرەکانیش بکەیت دەبینیت کە لە ناو گیانەوەرەکانیش هەمان هەست هەیە.. جا چ جای ئێمەی مرۆڤ و کورد، هیوادارام کە خەلک بە هیچ شێوەیەک قسەکانی تاڤگە بە هەند هەڵنەگرن و لێکی نەدەنەوە چونکە ئەو بیرو بۆچونە دەبێتە لێک ترازانی خێزان و بێ ڕەوشت بوونی کۆمەلگا لە شاری خۆشەویستی ئوپسالا هەموومان ئەم ژنە دەناسین کەس جورئەت ناکا لێی نزیک بکەوێتەوە بۆیە پێمان وایە نووسینەکانیشی هەر دەچێتە ناو زبڵدان هەروەک زۆر لە شتە بێ ڕەوشتەکانی تر کە تاڤگە خۆی دەزانێ...

یەکێک لە قوربانیەکانی دەستی تاڤگە.... .. هەندرێن

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە هەندێ وشەی لێ لابراوە.